کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-12-2006 17:27 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## سەدام لە ژێر پێی مندا بوو ... تامان شاکر

لە پڕ پەردەکەی بەردەمان لادراو یەکێك بە هەموو دەنگییەوە هاواریکرد مەحکەمە وەك ئەوە وابوو لە



خەوێکی قوول ڕاتچلەکێنن. دەنگەکە بەردەوام بوو ئێمەش هەر لەسەر پێ وەستابووین و چاوەڕوانی قازیمان دەکرد، بەو دەنگە هۆڵی دادگا هاتە لەرزین تاوانبار سەدام حسین مەجید، سەدامێکی ملکەچ بە هێواشی وەك ئەوەی زۆر ڕازی بێت بە بە قەفەسەکەی دانیشت و دەرگاکەی لەسەر داخرا سەیر ئەوەیە لەناو یەکێك لەکۆشکە جوانەکانی خۆی بەشی ئەو تەنها قەفەسێك بوو تاوانباران دێنە ژوورەوە ناو دەخوێنرێتەوە خەڵك سەیر دەکات وەك ئەوەی ئەمانە شتێکی زۆر تایبەتی بن ئەوەی ئێمەی ڕاچلەکاند ناخی هێنایە لەرزین هاتنە ژوورەوەی عەلی کیمیاوی بوو .

پیاوێك کە بەبەردەممدا ڕەت بوو بۆنی خوێن و کیمایی لێدەهات، لە دەنگی پێی هاواری منداڵە بێسەرو شوێنەکانی بیابان دەبیسترا کیمیایی دڵڕەقترین مرۆڤی سەردەم بە هێواشی و بێئەوەی سەری بەرزکاتەوە چوو لە شوێنەکەی خۆی دانیشت هەستم کرد ئەگەر لەو شوێنە بمێنمەوە کاردانەوەم دەبێت بۆیە بە هاوکاری عەدالەت تاوێك چوومە دەرەوەی هۆڵی دادگا و هەرچەندە نەم دەویست نیگاکانم ون بێت دەمەویست پێیان بڵێم ئەو شوێنە تازەتان پیرۆز بێت ئەی مرۆڤ خۆرەکانی سەردەم، لە دڵی خۆشمدا داوای لێبووردنم لە ئەنفالکراوەکان دەکرد، کە نەمدەتوانی نە تۆڵەی ئەوان نەهی خۆشم بکەمەوە ئاخر ئەمریکیەکان زانیویانە دەکرێ کاردانەوە هەبێت بۆیە شەو شووشە نەعلەتییەیان داناوە کە گولە نایبرێت نەك دەستەکانی من بۆیە شەرمەزارم لە بەرامبەر ئەو دڕندانە نەمتوانی هاوارێکیش بکەم و ویژدانی خۆم ئاسوودە بکەم بە ئەنفال کراوەکان بڵێم تۆڵەی ئێوەمان کردەوە.

تاوانەکانی ئەمانە زۆرن لە ژماردن نایەن، بەڵام هەرکەس هەست بە ئازارەکانی خۆی دەکات، ساڵانێك تێپەڕبوون کەچی من ناتوانم ئەوە لە بیر بکەم کە پیاوەکانی سەدام فریاندامە زیندانەوە، ئێستاش دەنگی هاواری زیندانییەکانی ئەمنی هەولێر جار بەجار ڕامدەچلەکێنێ بۆیە لەم هۆڵە دەنگیان دەبیستم. هەموو ڕۆحەکانیان لەدادگا بوون تفیان دەکردە چارەی تاوانباران و هەموو هاواریان دەکرد ئێمە بە نەمری دەمێنینەوە ئێوەش بۆ زبڵدانی مێژوو لەم هات و هاوارەدا قازی بڕیاریدا دادگا بۆ ڕۆژی 18 مانگ دواخرا پەردەکە درایەوە ڕۆحی بێگوناهەکانیش بەرەو حەمرین هەڵفرین نەگەڕانەوە بۆ نەگرە سەلمان.

بە هێواشی چراکان داگیرسان و چوینە دەرەوە نانیان ئامادە کردبوو بۆ هەموو میوانەکان بەڵام کێ تاقەتی خواردنی هەبوو؟خۆزگە دادگا بەردەوام دەبوو بەڵام چوون بۆ بەغداد لە ڕەوشێکی ئاواوا سەختە، چوونەکەی ئاسانەو گەڕانەوەشی کەس گەرەنتی ناکات، خۆ دانە دەستی قەدەر یان سەرکێشی جار بەجارێك خۆشیەك دەبەخشێتە ناخی مرۆڤ، بۆیە ڕۆژی یەکشەمە 12/3 /2006 لەگەڵ هاوڕێیان عەدالەت عومەر، نەرمین قەرەداغی و مهاباد قەرەداغی بەرەو بەغدا بەڕێ کەوتین تا لە فرۆکەخانەی بەغدادی نێودەوڵەتی نیشتینەوە، ئەو فرۆکەخانەی کە ئەگەر سەدام لە دەسەڵات مابوایە هەرگیز چاوم پێنەدەکەوت هەستێکی نامۆ دایگرتم دوای ساڵانێکی زۆر جارێکی تر بەغداد دەبینمەوە! ئەو بەغدایەی بەدرێژای 35 ساڵ خەریکی دەرهێنانی سیناریۆی مەرگ بوو ئەو باغی دادەی بۆتە شوێنی تیرۆریستان

ولە جیاتی بۆنی ماسی کەناری دیجلە بۆنی باروت و خوێن هەموو شوێنێکی داگیرکردووە، نەبۆنی خورما و نەتەقە تەقی بازاری سەفافیر و نەدەنگی ئێوارانی نازم غەزالی بەر گوێی کەس دەکەوێت، بەغدایەك تەنها بۆنی شەڕی لێ‌دێت کاتێ‌ك بە ئۆتۆمۆبیل بەرەو ناوچەی سەوز رۆیشتین دڵنیانەبووین دەگەینە شوێنی مەبەست یان نا بەهەرحال لە خاڵێکی پشکنین نزیك بووینەوە شۆفێرەکەمان لە دووری پەنجا مەتر کارتەکەی دەرکرد و سەربازەئەمریکیەکان بە دووربین سەیریان کردو دوایی بەدەست ئاماژەیان بۆ کردین کە نزیك بینەوە، زۆر بە جوانی سەیری ناسنامەکانیان کردین و دوایی ماوەیەك مۆڵەتی چوونە ژوورەوەیان پێداین، هەر کە خاڵی پشکنینی یەکەمت بری ئیتر تۆ کەوتیتە سنووری سەربازییەوە شوێنێك کە هەموو حکومەتی عێراقی لێیە بەلاَم تەنها یەك دەسەلاَتی هەیە ئەویش دەسەلاَتی سەربازیی ئەمریکییە پلەو پایەت هەرچییەك بێت، هەڵگری هەر ناسنامەیەك بیت، هەرکەسیك بیت دەبێت ملکەچی بڕیارەکانی ئەوان بیت بەبێ ئۆکەی ئەوان، دەکرێ شەوێك لە فرۆکەخانەی بەغدای نێودەوڵەتی بمێنیتەوەو رێگای چوونە ژوورەوەت پێنەدەن، ئێمەش وەزیری هەرێم بۆ کارو باری ناوچە دابراوەکان بەرێز محەمەد ئیحسان بانگهێشتنی کردبووین بۆیە هەر ئەویش ئاسانکاری بۆ کردین بۆ چوونە ژوورەوە.

لە هۆتێلی رەشید ماینەوە چاوەرێی ئەوە بووین کە خۆمان ناونووس بکەین بۆ دادگای سەدام دوای لێکۆڵینەوەی زۆر و پەنجە مۆرکردن و وێنەگرتن، وتیان چاوەروانی وەلاَم بن بیرم لەوە کردەوە کە داوایەکی یاسایی تۆمار بکەم دژ بە سەدام پیاوەکانی راستە ساڵانێکی زۆر بەسەر چوون بەلاَم من نەمتوانیووە برینەکانی ناخم سارێژ بکەم و ئەوە لە بیر بکەم کە پیاوانی سەدام لەم هەولێرە، خستمیانە زیندانەوەو بە درەندەترین شێوە ئازاریان دام و هەوڵیان دەدا کەسایەتیم تێك بشکێنن، تۆڵەی باوك و براکەم لە من بکەنەوە، بە ئازاردانی من سووکایەتی بە خێزانەکەم بکەن. ئەو کاتە رۆژی ئەوان بوو، ئێستا ئەوان لە ژوورە تاریکەکانی زیندانن بەلاَم خۆزگە ئەو ئازارەی ئەوان نۆشی خەلکیان دەکرد خۆشیان کەمیکیان بنۆشیایەو بیان زانیایە ئازارە دەروونی و جەستەیەکان چ کارەساتێك بۆ ژیانی مرۆڤ دروست دەکەن، بۆیە بە پەلە خۆم گەیاندە دادگا و داوایەکم دژی بەرێوەبەری ئەمنی هەولێر تۆمار کردو بۆخۆم بۆ بێسەرو شوێنکردنی براکەم، کە دەکرێ ببێتە دۆکۆمێنتێك لە دادگا دژ بە سەدام دارو دەستەکەی، هەر ئەو رۆژە ئێوارەکەی بەرەو کۆشکی کۆماری بەرێکەوتین ئەو کۆشکەی زیاتر لە شوێنەوارێکی دێرین دەچوو بە نەخش و نیگارە جوانەکانی، بەلاَم ئەوەی زۆر سەیر بوو لەسەر هەموو دیوارێك ناوی سەدام رۆژی لەدایکبوونەکەی هەڵکەنرابوو، دەبیت ئەو پیاوە چەند عاشقی خۆی بووبێ بۆیە بە ملێۆن دۆلاری تیادا سەرف کردووە. هەر لەم کۆشکەدا بڕیاری شەڕو کوشتنی عەقل چەوسانەوەی رۆحی مرۆڤی تیادەدراو پروپاگندەی درۆ بۆ شەرە دۆراوەکانی سەدامی تیادا دەکرا بۆ خەلکی، . کەسیش نەیدەوێرا نزیکی ببێتەوە، کەچی ئێستا بۆتە شوێنی دەیان سەفارەتی بیانی و خەڵکانێکی زۆریش رووی تێدەکەن بۆ بینین لە هەمووشیان جوانتر بوونی چێشتخانەیەکی زۆر جوان کە بە سەدان کەس بەبی جیاوازی رەگەز بەیەکەوە لەوی نان دەخۆن و جناح خاس للعوا و یل ی تیا نییە.

، ئەو پیاوەی کە ریزی لە گەلەکەی خۆی نەگرت و تووشی نەخۆشی خۆ بەزلزانین ببوو بۆیە ئەمرۆ کەس ریزی لێ ناگرێت لە دڵی خۆمدا وتم ئەوەی رێز بۆ گەل دانەنیت خەلکیش ریزی بۆ دانانی دەکرێ ماوەیەك لە ترسان رێزی بگرن بەلاَم ئاکامەکەی هەروەك سەدام دەبێت.

خۆزگە دادگاکە 3 ساڵ دریژەی دەبوو بۆئەوەی کاربەدەست و دیکتاتۆرەکان وانەیەکی دروست فیردەبوون بۆ حکومرانی سەکردە نرخیکی نامینی کاتی گەل پشتی تیبکات بەسەرکردەی نەزانی حکومرانی فیردەبوون.